# نەفرەت لە فەرهەنگ و قانوونی نامووسپەرستی!

**ناسك ئەحمەد**
nasikahmmad2@yahoo.com

لە شاری میونشن لە ئەڵمانیا،بە ڕۆژی رووناك و لە یەكیك لە شەقامەكانیدا، ڕۆژی 26 /10/ 2006 گیانی ژنێك بە ناوی(سابات) بە چەقۆ لەلایەن هاوسەری پێشویەوە (خالد) لەخوێن هەڵكێشرا و دواتریش بە پیاكردنی بەنزین سووتاندی، خالد ئەم كارەی بەبەرچاوی منداله پینج سالانەكەیانەوە ئەنجامدا.ئەم رووداوە شاری میونشنی هەژاند.. بینینی ئەم كارەساتە دەبێتە هۆی تێكچوونی وەزعیەتی نەفسی زیاتر لە 25 كەس كە لەشوێنی ڕووداوەكە بوون و ئێستا لە ژێر چاودێری پزیشك دان، هاوكات ئەم دیمەنە منداڵەكە بەتەواوی دەروخێنێ و ئێستا لە نەخۆشخانەیە!. كارەساتێك كە ڕەنگە كۆمەڵگەی ئەڵمانی لە دوای جەنگی جیهانی دووەمەوە شاهیدی ئەو ڕادەیە لە وەحشیگەری ئاشكراو بەپێش چاویانەوە نەبووبێ. هەر بۆیە زۆر بە خێرایی هەواڵی ئەو كارەساتە سەراسەری كۆمەڵگەی گرتەوەو بووە سەردێڕی هەواڵی میدیاكان، هاوكات لە ماوەیەكی زۆر كەمدا سنووری ئەڵمانیای بەزاندو گەیشتە كوردستان و ناوچەی پشدەر كە سابات و بكوژەكەی تیایدا ژیاون. شایەنی باسە سابات پیشتر پۆلیسی ئەلمانی ئاگاداركردبووەوە كە گیانی لە مەترسیدایە و لەلایەن خالیدەوە لە ژیر هەرەشەدایە، بەڵام تەنها پاریزگاری لە سابات دانی ئامیریكی ئەلارم بووە پێی، كە لە كاتی مەترسیدا پۆلیس ئاگادار بكاتەوە.

هەموو ئینسانێكی ویژدان بە خەبەر ئەو ڕاستیە دەزانێ، كە بە ئەندازەی بالای تاوەرە كەوتووەكانی نیویۆرك لاشەی ژنانی كوردستان بە هۆی قەتلی نامووسیەوە لە 16سالی ڕابردوودا كەوتوون. كوردستان بووەتە ئەو قەبرستانەی كە ئەگەر نامووس پەرستێك بیەوێت كچەكەی، یان هاوسەرەكەی بكوژێ دەیباتەوە بۆ ئەوێ!. ئەگەریش كەسێكی وەك بكوژەكەی سابات و دەیانی تر بۆیان نەكراو تەڵەی گێڕانەوە بۆ كوردستان بە قاچی نیچیرەكانیاندا نە تەقی، فەرهەنگی پیسی پیاوسالاری و نامووسپەرستی و دین هانیان دەدات لە ئەوروپا ئەو قەبرەیان بۆ هەڵبەستن. ملیۆنەها ژنی وولاتانی ژێر چەقۆی ژەنگاوی دین و فەرهەنگی پیسی پیاو سالاری و شەریعەتی كەسیفی ئیسلامی و شەرق گەرایی، ئاواتەخوازی ئەوەن كە بگەنە ئەوروپا، تەنیا لەبەر ئەوەی پێناسەی خۆیان، شەخسیەتی ئینسانی خۆیان وەك ئەوەی هەن بسەلمێنن و بچنە نێو ژیانی كۆمەلایەتی كۆمەڵگەوەو لە بەڕێوەبردنی ژیانی خۆیان و كۆمەڵگەدا جیاگایەك بگرن. كەسانێك كە بەهەزارو یەك گیان دەرچوون ئەو فرسەتەیان بۆ هەڵدەكەوێت و شانسی دەرباز بوون لە دەسەلاتی مەلاو شەریعەت و قانوونی عەشیرەتی و پیاوسالاریان بۆ هەڵدەكەوێت، سەرەتانی پیاوسالاری و نامووسپەرستی بەبەرچاوی منداڵەكانیانەوە لە وولاتانی ئەوروپاشدا ژیانیان لێ وەر دەگرێتەوە.

ئەوەی كە ئازارەكەی نەك هەر لە گیان لە دەستچوونی ساباتەكان كەمتر نیە و ڕێگای قانوونی دەكاتەوە بۆ چەند بارەبوونەوەی ئەم تاوانانە لەنێو دڵی ئەوروپای ڕۆژئاوادا. هەڵوێستی كۆنەپەرستانەو دژی ئینسانی دەوڵەتانی ئەوروپایە لە ژێر ناوی پیسی (ریزگرتن لە كلتووره جیاجیاكان) دا.هەر كاتێك كارەساتێكی ئاوها وەحشیانە ڕوو دەدات و سایە دەكاتە سەر ئەفكاری گشتی خەڵك، دەوڵەت و میدیاكانیان یەكەمین كەسانێك كە بۆ قسەوباس لەسەر ئەو دیاردەیە دەعوەتی دەكەن، مەلای مزگەوت و ئەنجومەنە ئیسلامیە ڕێگە پێدراوەكان و قسەكەرانی ڕێكخراوە ئیسلامیەكانن. ئەمانەش هەموویان هەوڵدەدەن ئەو تاوانە گەورەیە بپێچن لە فەرهەنگی دواكەوتوانەی خەڵك و پەنابەران و كەلتووری جۆراوجۆرەوە، بەم شێوەیە بەهەردوولا هەوڵدەدەن كۆمەڵگەی ئەوروپایی لە ژێر ناوی فەرهەنگ و كەلتووری جیاجیادا بكەن بە چەندین دوورگەی دوور لەیەك و سیمی دڕكاوی نامووسپەرستی بەدەوریدا بكێشن و ژنان و كیژۆڵەی 7-8 ساڵەی تێدا زیندانی بكەن، منداڵانی تێدا ناچار بە قورئان خوێندن و حیجاب كردنە سەر و بە زۆرشودانیان و ناچار بە منداڵبەریان لە ناسكترین تەمەنی لاوێتیدا بكەن. بەهەق حكومەتەكانی ئەم وولاتانە لە درێژەدان و چەند بارەبوونەوەی ئەم تاوانانەدا لە نێو دڵی ئەوروپای شارستانیدا بەرپرسیارن و دەبێ لەگەڵ دەسەلاتدارانی كوردستاندا یەخەی ئەمانیش بگیرێ!.

سەرمایەداران و سوودخۆرانی بازاڕی بەهرەكێشی شیلەی گیانی ئینسانەكان، بۆ كەڵكەی سەرمایەكانیان و كڕینی كاری هەرزانی ملیۆنەها ئینسان و ساغكردنەوەی كاڵاكانیان هیچ سنوور و وولات وزمان و كلتوور زەویەك ناناسن، كەچی لەبەرامبەر مافە جیهانداگرەكانی ئینسانی ئەم سەردەمەدا، هەزارو یەك مۆری نەتەوەو كەلتوور و وولات و دین بەبالای ئینسانەكاندا دەبڕن و حەزو ئارەزووی ملیۆنەها ئینسانی دڵ پڕ لە هیوا لە بەهارێكی زوودا هەڵدەوەرێنن. ئەم نیزامە لەو پەڕی پێشكەوتنی ئەوروپای غەربیدا، توانای دابینكردنی ئەمنیەت وپاراستنی ژیانی كیژۆڵەیەكی ئەفغانی و ئێرانی و عێراقی و سعودی نیە. باوەڕناكەم هیچ ئینسانێك بە ئەندازەی ژنانی وولاتانی شەرق، ئەگەر ویژدانی بە بەرژەوەندیەك نەفرۆشتبێ، یان پەتایەكی سەكتی ئایدۆلۆژیایەك ووڕی نەكردبێ، هەزاران جارتف و نەفرەت ولەعنەت لە فەرهەنگی خۆمان، ئەخلاقی خۆمان، نامووسی خۆمان، كەلتووری خۆمان نەكات. چونكە هەموو ئەوانە بەدرێژایی ژیانی ژنێكی 70ساڵە شتێك نەبووەو نیە، جگە لە شەق و تێهەڵدان، جگە لە ئیغتیسابكردنی هەموو ڕۆژە، جگەلە بێحورمەتی و كەرامەت شكاندنی هەموو ڕۆژە، جگە لە پێشێلكردنی شەخسیەتی ئینسانی و سڕینەوەی ماف و وابەستەیی و چاو لەدەستی هەموو ڕۆژە، جگە لە زیندەبەچاڵكردنی چركە بە چركەی ئارەزووە ئینسانیەكان. هەزار جار تف لەو فەرهەنگ و قانوونانەی بە زۆر دەكرێتە گەردنی ئینسانەكان كە سەدان ساڵە ئازادیخوازان بۆ ژێرەو ژوور كردنی تێدەكۆشن و گیانبازی دەكەن. كۆمەڵگەی ئینسانی بەبێ دین و خواوەندەكان، بەبێ نەتەوەپەرستی و موقەدەساتە پووچە كەلتووریەكان، بەبێ نایەكسانی و هەلاواردنی جنسی و نەژادی و میللی و چینایەتی، ئینجا شایستەی ئەوەیە كە ئینسانی ئەم سەردەمە تیایدا بژی.